بەرێزان : خەونێکی گەورە بوو بۆ هەموو تاکێکی کوردی و هەموو ئینسانێکی ئازادیخواز ، کە ئەمرۆ سەدام حسێن و داروودەستەکەی لە بەرانبەر دادگا ڕاگیراون بە تۆمەتی ئەنفال و کیمیا بارانکردنی کورد .
چەند دانیشتنێک لەو دادگاییکردنە بەڕێوەچووە ، گەشبینی دوێنێی شەقامی کوردی بە ڕەهەندی دادگاییکردنەکە ڕوو لەکزییە . هەست دەکرێ هۆلی دادگا بۆتە یەکلاییکردنەوەی کێشە سیاسییەکان نەک وەرگرتنی مافی قوربانی لە جەلاد ، ئەمانەو کۆمەڵێ سەرنجی تر ئەمڕۆ بوونەتە باسو خواسێکی هەنووکەیی شەقامی کوردی ، بۆ یە ئێمەش وەک دەنگەکان بە پێویستمان زانی بەم چەند پرسیارەی لای خوارەوە لە دەرگایی کۆمەڵێ لە ڕۆشنبیران و نووسەرانمان بدەین .

دەستەی بەڕێوەبردنی دەنگەکان
September 06
www.dengekan.com

**عومەر سەیدە**

**1 . دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق تا چەند پێوەرو گونجاوەبۆ دادگایی کردنی تاوانباران و کۆ کوژی کورد.**

بە بڕوای من گەورەترین هەڵەی ئێمە وەکو کورد بە هەموو توێژەکانی کۆمەڵەکەمانەوە ئەوە بوو کە رازی بووین بە دادگاییی کردنێك کە تەنها نمایشکردنی سیناریۆیەکی لاوازەو هیچیدی, چونکە بەڕاستی دادوەرو دادگاکان عێراق لەو ئاستەدا نین کە لێکۆڵینەوە لە مەسەلەیەکی هەستیاری وەکو ئەنفالو کیمیاباران بکەن, چونکە ئەوان جگە لە خاوەن بڕوانامەیەك شتێکی دیکە نین, پێم وابێت زۆربەی زۆری ئەو دڕندانەی نێو دەسەڵاتی رژێمی بەعسی عێراقی خاوەن بڕوانامەی بەرزن, بەتایبەت لە بواری قانوندا, ناکرێ هەر کەس خاوەن بڕوانامەی قانونیی بوو ی ئیدی ئێمە متمانەی پێبکەین, کە لەڕاستیدا ئەوەیان گەیەکی سیاسی گەورەترە لە ئاست ئەو بۆچوونەی من لێرەدا, چونکە مەسەلەکە جێبەجێ کردنی خواستی کۆشکی سپییە نەك وەرگرتنەوەی مافی مرۆڤە بەکۆمەڵ کوژراوەکانو ئەنفالکراوە کوردەکان.

**2 . پرۆسەی دادگاییەکەچۆن دەگوزەرێ و تا چەند تەبایەلەگەڵ خواستی جەماوەری کوردستان و سکاڵای ژیان لێکەوتووان.**

لەڕاستیدا شتێك لە دوو فاقییەت دەبیم کە هەمیشە دادوەرەکان دەبێ بزانن تەمسیل بکەن, چونکە بە پێی ریتمی نا هۆڵەکەو باری سیاسیو ئەمنی عێراق ئاڕاستەی دادگایی کردنەکە دەگۆڕدرێت, ئیدی رۆژێك پێشمەرگە پێی دەوترێ موتەمرید رۆژێك جاش دەبێ ئەفواج دیفاع وەتەنی, ئەمە بە گشتی وا دەرەکەوێت لەگەڵ خواستی جەماوەری گڕگرتووی عەرەبی شۆڤێنیزمدا رێکی دەخەن نەك لەگەڵ کوردی ماڵوێران, چونکە ئەوان کە دەبینن ئێمەو سیاسەتوانەکانمان هێندە دەمساردو بێخەم دانیشتووین ئیدی پرسی دادگاییەکردنەکەیان کردوە بە وەرەقەی قومارێکی دۆڕاو لەگەڵ عەقڵی پڕ لە جەهالەتی شیعە مەزهەبەکانو تورەییو حەرامزادەیی کۆنە بەعسییەکاندا, بەڵام جێی ئەسەفە کە پرسی ئەنفال بەو شێوە ناتەندروستە لە دادگاییەکی ساردو خوێنتاڵدا بەڕێوە بچێ, بەڕاستی بێدەنگ بوون لێی بەشداریی کردنە لەو ناهەقییەی کە بەرامبەر قودسییەتی بەکۆمەڵ کوشتنی گەلەکەمان دەکرێت.

**3 ـ ڕەخنەو سەرنجەکانی شەقامی ڕەوەندی کوردی چۆن دەبینن ؟ ئەتوانن چی بگۆڕن لەڕەهەندی دادگاییەکە؟**

ئەوەیان مەسەلەیەکە کە روونو ئاشکرا لە هەر کوێ دەنگی نارەزایی لەبەرامبەر مەسەلەیەکدا سەرهەڵبدات ئیدی جگە لە راگەیاندنی حیزبە دەسەلاٌتدارەکان زورناژەنەکانی حیزبیش کە ناوی خۆیان ناوە نووسەرو رۆشنبیری سەربەخۆ دەکەونە وێزەی, جا هەر وەکو هەموو ئەو رەخنەو سەرنجانەی پێشوو وایە, کە هیچ گرنگییەکی نییە, بەلاٌم ئەزعەفولئیمانیش بێت هەر دەنگێك هەڵبڕین باشە بۆ ئەوەی بزانن ئێمەی کورد ئەوەندە گێل نین کە چاومان هەیەو گوێمان هەیەو عەقڵیشمان هەیە.

**4 ـ بۆچی چۆنیەتی بڕیاردانی ئەنفال وەک کردەی جینۆساید بۆ کورد گرنگە؟**

لە ڕاستیدا ئەوەی یەکجار بڕواتە بەندیخانەی قەلاٌی نوگرە سەلمان پێویپستی بەوە نامێنێ بپرسێ ئاخۆ بڕیاری ئەنفالکردنی ئێمەی کورد, جینۆساید بووە یاخود شەڕی ناوخۆ یان تیرۆرکردن بووە, چونکە هەر لەوێدا بەگەورەیی نووسراوە بە زمانی عەرەبی:"بەڵێ گەورەم .. بەڵێ .. رەچەڵەکیان دەبڕینەوە", من نازانم ئەو دەستەواژەیە زۆرێك لەو کەسانە بینیویان کە چوونەتە ئەو قەلاٌیە بەتایبەت کوردەکان, بۆ کەسیان ئەوە نادات بە دەمی سەدامداو بڵێت: ئەگەر تۆ داوا لە سەربازێك نەکەیت کوردم بۆ قەتڵو عام بکە, ئەو بۆ دەڵێت:"بەڵێ گەورم .. بەڵێ رەچەڵەکیان دەبڕینەوە"؟, بێگۆمان وەکو جینۆساید ناساندنی کارەساتی ئەنفالکردنی کورد زیاتر لە چەند رەهەندێکی هەیە, بەلاٌم بۆ ئێمەی تینوی ئازادیو سەربەخۆیی تەنها ئەوەندەیە کە ئەوانی شۆڤێنیزم بەبیانووی کوردبوونمان بڕیاری جینۆسایدی ئێمەیان داوە, کە لەوانەیە ئەوە فاکتەرێکی باش بێت بۆ ئەوەی لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی زیاتر گوێ لە خواستو داواکانی میللەتی کورد بگیرێت.

عومەر سەیدە